**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# مێژووی سۆفیگەری و قۆناغەکانی پەرەسەندنی

History of Sufism and its stages of development

**مامۆستای یاریدەدەر سمیه نجیب خلیل**

بەشی کوردی / کولێژی زمان / زانکۆی سەلاحەددین

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**

الاستلام: ٢٠١٨/١٢/٢٤

القبول: ٢٠١٩/٣/٢٥

النشر: ربيع ٢٠١٩

**Doi: 10.25212/lfu.qzj.4.2.6**

**الكلمات المفتاحية:**

Sufism, living spiritual, occupied, religions, purify,

Muslim nations,mystical

Ascetic, philosophical,

**پـوختـه**

سۆفیگەری بابەتێکی ڕوحی زیندووەکەلەکۆنەوەزۆربەی ئاین و ئاینزاو تەنانەت قوتابخانەفەلسەفیەکانیشی بەخۆیەوەسە رقاڵ کردووە. ئامانجی سۆفیگەری پاککردنەوەی ڕوحەلەبەڵغ و چڵکی ناخ و لەکۆتایشدا ڕزگارکردنیەتی لەقەفەسی جەستەی مرۆڤدا. ئاینی ئیسلام بایەخێکی زۆری بەم بابەتەداوە، بۆیەمیراتی سۆفیگەری کاریگەریەکی بەرچاوی کردوەتەسەر ڕەوتی ئەدەبیات و فەرهەنگی نەتەوەموسڵمانەکان.

لەم باسەدا بەووردی باس لەقۆناغەکانی سەهەڵدان و گە شەکردن و پەرەسەندی سۆفیگەری ئیسلامی کراوە، بۆ ئەم مەبە ستەش مێژووی سۆفیگەری دابەشی چەند قۆناغێك کراوەلەوانە :(قۆناغی سۆفیگەری زاهیدانە، قۆناغی سۆفیگەری عاشقانە، قۆناغی سۆفیگەری فەلسەفی، قۆناغی سۆفیگەری ئەدەبی). هەروە ها لەبەر ڕۆشنایی ئەم دابەشکردنەش خەسڵەتەباوەکانی هەریەك لە م قۆناغانەش خراوەتەڕوو..

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Characteristics..

## پێشەکی

سۆفیگەری یەکێکەلەبەرزترین و شکۆدارترین لایەنی فەرهەنگ و کلتوری ئیسلامی. ڕاستی سۆفیگەری پەیوەندی بەخەسڵەتی ئیلاهیەوەهەیەکەلەمرۆڤدایەو لەکرداری سۆفیدا ڕەنگ دەداتەوە دوای ئەوەی کەپەیوەندی بەتین لەگەڵ پەروەردگاریدا دروست دەکات.

هاوبەشی و لێکچوونی سۆفیگەری ئاین و ئاینزاو تەنانەت قوتابخانەفەلسەفییەکانیش بەڵگەی ئەوەنییەکەهەموویان هەڵقوڵاوی یەك سەرچاوەن، یاخود لەیەکتریان لەوی دیکەی وەرگرتوە، بەڵکو دە کرێت بوترێت سەرچاوەی هەریەکیان جیاوازەو لایەنی هاوبەشیان زوهدە، کۆتایی زوهدیش سەرەتای سۆفیگەری ئیسلامییە، کەلەزۆربەی ئاین و ئاینزاکاندا وەکو سەرچاوەی پاککردنەوەی ڕوح و جەستەمامە ڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

ڕاستەلەکۆتاییەکانی سەدەی دووەمی کۆچیدا زاراوەی سۆفیگەری سەریهەڵدا، بەلام سەرچاوە ی سۆفیگەری ئیسلامی قورئان و فەرموودەیەو لەسەردەمی پێغەمبەریشدا(د.خ) هەبووە. ڕاستە پێغە مبەر(د.خ) سۆفی نەبووەبەڵام بەتەواوی ئاگەداری لایەنی کارەکی و تیۆری سۆفیگەری بووەو لەگەڵ هە ندێك لەهاوەڵانیدا لەبارەیەوەدواوە. دواتر زاراوەی سۆفیگەری برا بەباڵای گروپێك لەزاهیدانی ئیسلام و دوابەدوای ئەوەش بەپێی گۆڕانی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی سۆفیگەریش لەقۆناغێکەوەپێی ناوەتە قۆناغێکی دیکە.

### مێژووی سۆفیگەری

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستنیشانکردنی مێژووی سەرهەڵدانی هەندێك بابەتی زانستی مرۆڤایەتی کارێکی ئاسان نییە ، بەتایبەت سۆفیگەری کەیەکێکەلەو بابەتەڕوحیانەیکەپەیوەندی بەدەروونی مرۆڤەوەهەیە. پیرەدرەختی سۆفیگەری ڕەگی کوتاوەتەناخی خاکی زۆربەی ئاینەکان و خۆراکی لێ وەردەگرێت، هەرئەمەشە کەوایکردووەسۆفیگەری بەدڵی ئاین بناسرێت، بێگومان هیچ ئاینێکیش بەبێ دڵ نەبوەو ناشبێت. ئەمە وێڕای ئەوەیکەژیانی زۆربەی پێغەمبەران و نێردراوەئاسمانی و نوێنەری ئاین و ئاینزاکان بەشێوەی زاهیدانەبووە، کەزوهدیش سەرچاوەی سۆفیگەرییە. لەلایەکی دیکەشەوەهاوئامانجیان لەڕزگارکردنی مرۆڤەلەکۆت و بەندی نەفس و گەیشتنەبەڕەهایی تەواو، کەئەمەش ئەو تیۆرەیەکەبنەمای ڕەفتاری سۆفیگەری لەسەر دامەزراوە، چونکەپێیان وایە(مرۆڤ لەدوو جیهان پێکهاتووە: جیهانی جەستەو جیهانی گیان، کەلەڕێگەی سۆفیگەرییەوەبەکۆشش و ڕاهێنان دەتوانرێت شیشەکانی قەفەسی جەستە بکرێنەوەتاوەکو گیان ڕەهابێت) (خلیف، 1975، ص4-7). لەبەرئەوەی چوارچێوەی باسەکەی ئێمە سۆفیگەری ئیسلامییەبۆیەلێرەدا هەوڵدەدرێت تیشك بخرێتەسەر مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی سۆفیگەری ئیسلامی.

**یەکەم: قۆناغی سەرهەڵدان و گەشەی سۆفیگەری یاخود(سۆفیگەری زاهیدانە)**

لەسەدەی یەکەمی مێژووی ئیسلامدا موسڵمانەکان بەگشتی ئەهلی ئاین و خواپەرەستی بوون و ژیانێکی زاهیدانەیان هەبووە، بۆیەبەپێویستیان نەزانیوەناوێکی تایبەت بنێن لەو کەسانەیکەخۆیان بێ بەش کردبوو لەخۆشیەکانی ژیان و بەقووڵی و بەقورسی خەریکی خوا پەرەستی بوون.

ڕاستەپێغەمبەر(د.خ) سۆفی نەبووەبەڵام ژیانێکی سۆفیانەژیاوەو بەووردیش زانیاری لەسەر سۆفیگەری هەبووە، بەڵام لای هەمووکەس نەیدرکاندووە. بۆنموونە((حذیفەبن یمان کەزۆرجار باسی واتای ویژدانی و نهێنیەدەروونیەکانی دەکرد، کەلێیان دەپرسی ئەمەت لەکوێوەهێناوە؟ دەیگوت: لەپێغەمبەر فێر بوومەو خەڵکی لەبارەی خێریان لێ دەپرسی کەچی من هەر لەبارەی شەڕەوەلێم دەپرسی تا ئەم زانستەی پێ بەخشیم)) (شوان، 2014، لا 45)، بۆیەئەوانەیکەنزیك لەپێغەمبەر(د.خ) ژیاون شێوازی ژیانیان زۆر نزیك بووەلەشێوازی ژیانی ئەو و(پێیان وتراوەهاوەڵانی پێغەمبەر، دوای ئەوانیش لەسەدە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ی دووی هیجری ئەوانەیکەگفتوگۆیان لەگەڵ ئەو هاوەڵانەدا کردووەبە(تابعین)شوێنکەوتەناوبراون، ئەوانەی دوای شوێنکەوتەش بە(اتباع التابعین) ناسراون. دواتریش خەڵکی جیاواز بوون و پلەو پایەکانیش جیا بوونەوەکۆمەڵێك بەزاهید و کۆمەڵێکیش بەعابید ناسران. دوا بەدوای ئەمیش شەریعەت و تەریقەت هاتنەناساندن) (ترجمەریسالەقشیریە، ص24) بەڵام لەم سەردەمەدا هیچ((کتێبێکی عەقیدەو فیقهو ئەو بابەتانەمان نییە)) (حەمەغەریب، 2018، لا99) و کەسیش بەسۆفی نەناسراوە. هەرچەندە(هەژارەکانی ئەهلی صفەزیاتر لەوانی دیکەخەریکی زوهدو خواپەرەستی بوون، بەڵام لەسەربنەمای ترس. واتە ترس هەموو ژیانی تەنی بوون، ترس لەخوای تۆڵەسێن، ترس لەدۆزەخ، ترس لەڕۆژی دوایی.....هتد ئەم جۆرەڕوانگەیەش بەرەو گۆشەگیری و خۆبەدەستەوەدان و بەرامبەر بەویستی خودای بردن)(فروهر، 1386،ص88) کەئەمەش کۆنترین جۆری سۆفیگەری ئیسلامیە.بۆیەدەکرێت بوترێت ئەگەرچی لەسەدەی یەکی هیجریدا ناوی سۆفی و سۆفیگەری بەدیناکرێت، بەڵام(خەڵکانێکی سۆفی هەبوون لەژێر چەتری ناوی سۆفیدا نەبوون، لەوانەش حەسەن بەصری و وەیسی قەرەنی) (نژاد، 1366، ص95).

سۆفیگەری بەمانای پابەند بوون بەنەریتی تایبەت لەپاڵ شەریعەتدا لەسەدەی دووەمی کۆچی دەستی پێکرد. واتەدوای بەسەر چوونی سەردەمی خولەفای ڕاشدین بەتایبەت لەکۆتاییەکانی سەدەی یەکەمی کۆچی چونکەلەلایەك هەندێك لەموسڵمانەکان تێکەڵ بەدەسەلاتی سیاسی بوون و بایەخیان بە دونیاو خۆشییەکانی دەدا، کۆمەڵێکی دیکەکەدواتر بەسۆفی ناوبران لەگەڵ ئەودۆخەدا نەدەگونجان و ڕووبەڕوویان دەبوونەوە. لەلایەکی دیکەش ڕزگارکردنی میللەتان و بەموسڵمانکردنیان هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدانی سۆفیگەری بوو. چونکەلەسەرەتادا سۆفیگەری((دەروویەك بوو بۆ دەربڕینی نارەزایی و بەرهەڵستکاری لەدژی باری سیاسی و کۆمەلایەتی و گەندەڵی باو)) (وەسمان،2014، لا133) یەکەم کەسیش کەبەسۆفی ناسرا (ئەبو هاشم کوفی بوو ) کەنەریت و سلوکی سۆفیگەری بەخەڵکی ناساندووە. سوفیان سوری کەسۆفیەکی ناسراوی سەردەمی خۆیەتی لەم بارەیەوەووتویەتی:(( نەمدەزانی سۆفیگەری چییەتاوەکو ئەبو هاشم سۆفیم بینی))(جامی، 1366، ص31)

سۆفیگەری سەدەی دووی کۆچی سۆفیگەریەك بوو دەقاو دەق پەیڕەوی ئاین و شەریعەتی دەکرد، بۆیەهەندێکجار بە(سۆفیگەری شەرعی)یش ناوبراوە. چونکەبەڵگەکانیان بەئایەتی قورئانی و فەرموودەپشت ئەستوور بووەز بۆ نموونەئەو فەرموودەیەی کەلەسەر زاری ئیمامی عومەر گێڕدراوەتەوە

و تێیدا پلەی سۆفییەکان لەڕۆژی دوایدا دیاردەکات(( بەڕاستی لەناو بەندەکانی خوادا کۆمەڵێك هەن نە پێغەمبەرن نەشەهیدن، بەڵام پێغەمبەران ئیرەییان پێ دەبەن، یەکێ عەرزی کرد ئەوانەکێن؟ کردەوەیان چییە؟ پێغەمبەر(د.خ)لەوەڵامدا فەرمووی ئەوانەچەند کەسانێکی ئۆمەتی منن کەلەبەر خوا، خواو یە کتریان خۆشدەوێت و ناوچاوانیان نووری لێ دەبارێ و لەوڕۆژەدا کەخەڵك زۆر لەعەزابی خوا دەترسن ئەوانەهیچ خەفەتییان نییەو، کاتێك خەڵك مەحزوون و خەمبارن ئەوان بێ غەم دەبن)) (شەڵماس، 1991، لا10) یاخود لەفەرموودەیەکی دیدا هاتووە( من عادی لی ولیا فقد اذنتهبالحرب) ئەمەش بەڵگە ی پاڵپشتیەبۆ سۆفییەکان. بەڵگەی ئایەتی قورئانیش زۆرن کەپاڵپشتی نەریتی سۆفیەکان دەکەن، لەوانە : لەسورەتی یونس دا هاتوە(( الا ان اولیاء اللهلا خوف علیهم ولاهم یحزنون)) (شەڵماس، 1991، لا10) دیسانەوەخوای گەورەلەئایەتێکی دیکەدا مەدحیان دەکاو دەفەرموێت:((لهم بشری فی الحیات الدنیا وفی الاخرة لاتبدیل لکلمات اللهذلك هو فوز العضیم)) (شەڵماس، 1991، لا10) بۆیەلەم قۆناغەدا سۆفیە کان سەلەفیش بوون، واتەشارەزاییەکی تەواویان هەبوو لەبارەی شەرع و قورئان و فەرموودەوە. بۆ نموونە(عەبدوڵڵای ئەنساری کەدواتر قوتابخانەی سۆفیگەری خوراسانی دامەزراند، فەرموودەناسێکی گە ورەبوو، هەروەها سەد مەقامی ڕوحی تەسەوفی لەقورئاندا دەرهێناوە. ئیبن ئەلقیەمیش بەهەمان شێوە ی ئەو بووەو دواتر ئەویش قوتابخانەی قییەمیەی دامەزراندووە)(حەمەغەریب، 2018، لا103).ئەم یە کێتییەی نێوان شەریعەت و تەریقەت بەردەوام بوو تاوەکو سەدەی سێیەمی کۆچی و سەرهەڵدانی سۆفیگەری فەلسەفی.

سەرەتا سۆفیگەری لەبەغدا سەری هەڵداو دواتر گواستراوەبۆ خوراسان و ناوچەکانی دیکەی وڵاتان. بۆیە(( نیوەی دووەمی سەدەی دووی کۆچی سەردەمی گەشەی سۆفیگەرییەلەبەغدا. لەسەردە می خەلیفەمأمون بوو کەژمارەیەك لەزاهیدەکان بەسۆفی ناسران.....هەروەها یەکەمین خانەقای سۆفییە کان لەم سەردەمەدا لەلایەن(میری تەرسا) لەرەملەی شام بیناکرا)) (یوسف پور، 1395، ص32) دوابە دوای ئەمەش وەکو نەریتێك لەزۆربەی شارەکاندا تەکیەو خانەقاکان بیناکران و بوونەشوێنی کۆڕو کۆبوونەوەی سۆفیەکان و تێدا ڕێنمایی شەرعی و سۆفیانەی خەڵکیان دەکرد.

دیاترین سۆفیەکانی ئەم قۆناغە: ( ابو هاشم صوفی(وەفاتی 179ه)، سوفیان ثوری(وفاتی 161ه)، رابعەعدویە(وفاتی 185ه)، ابراهیم ادهم(وفاتی 162ه)، مالك دینار، داود طائی(وفاتی 165ه)،

بلخی(وفات 174ه)، فضیل عیاض(وەفات 187ه)، معروف کرخی(وفاتی200ه) (سجادی، 1392، ص50).

کەسۆفیگەری ئەمانەپێکهاتبوو لە(تەوبەو وەرع، و صبر-ئارامگرتن، توکل-پشت بەستن بەخودا لەهەموو دۆخێکدا، رضا- ڕەزامەندی لەسەر هەموو شتێك کەخودا بڕیاری لەسەر دابێت، و جیهادی نە فس). سۆفیەکانی ئەم قۆناغەسۆفیگەریان بەڕوحی ئیسلام لەقەڵەم داوەو بەئاوی شەریعەت پەروەردە یان کردووەو( لەو بڕوایەدا بوون کەسۆفیگەری ژیانەوەی ڕوحی سوننەتی ئیسلامییەو لەهەرجێیەك کە ئەم ڕوحەبپشکوێت بەو ئەندازەیەش ئیسلام سەبارەت بەڕەوشت و ژیان و چالاکی مەعنەوی نموونەیی دەدرەوشێتەوەو بەپێچەوانەشەوە) (NURBAKHSH, 1981,P.16)

هەرچەندەئەم قۆناغەبەسۆفیگەری زاهیدانەناسراوەچونکەسۆفیەکان بەزوهد دەستیان پێکرد، بەڵام دواتر بەتەواوی سنوری نێوان زوهدو سۆفیگەری دیارکراو لێك جیاکرانەوە. سوهرەوەردی لەم بارە یەوەدەڵێت:(( سۆفیگەری نەزوهدەو فقر، بەڵکو ناوێکی کۆکراوەی مانای زوهدو فقرەلەگەڵ ئەو تایبەت مەندییانەیکەپیاو بەبێ ئەو نەبێتەسۆفی، ئەگەرچی زاهید یان فقیر بێت)) (سهروردی، ص283)ئەمەش واتەئیتر سۆفیگەری خاوەنی نەریت و ڕێسای تایبەت بەخۆی بووەکەلەزوهدو هەژاری جیایکردوەتەوە. هەر ئەم جیاوازیەش وایکرد کەزاراوەی سۆفی و سۆفیگەری دەرکەوێت و بچەسپێت.هەروەها جیاوازیش کرا لەنێوان هەرسێ زاراوەی(زاهیدو عابید و سۆفی)[1]دیارترین جیاوازی نێوان زوهدو سۆفیگەری کەلەزۆربەی سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێکراوەئەوەیەکەسەرچاوەو بنەمای خوا پەرستی لای زاهید ترسە(واتەترس لەسزای خوا،ترس لەدۆزەخ،ترس لەڕۆژی قیامەت....) و لەهەمانکاتیشدا چاوەڕێی پاداشتیشە، بەڵام بنەمای خواپەرستی لای سۆفی ناسین و خۆشەویستی پەروەردگارەبەبێ بەرامبەرو دڵنیا بوونەلەسۆزو بەزەیی خودا، واتە((زاهید لەخەشم و تورەیی خودا دەترسێت، بەڵامسۆفی دڵنیایەلە لوتف و کەرەم و ڕەحمەتی خودا)) (الفاخوری، ص248).

لەم قۆناغەدا هەروەك چۆن کتێبی تایبەت بەفیقهو کەلام نییەبەهەمان شێوەش کتێبی تایبەت بەسۆفیگەریش نییە،بۆیە(خوێندنەوەی شەرحی حاڵ و ژیان و گوزەرانی سۆفییەکان لەوتارەکانیاندا بە

[1]. زاهید ئەوکەسەیەکەپشتی لەدونیاکردبێت، عابیدیش ئەوەیەکەبەقوڵی و سەختی سەرقالی خوا پەرەستیەبەڵام تەرکی دونیای نەکردووە، سوفی یش دەیەوێت لەڕێی شەریعەت و تەریقەتەوەلەخودا نزیك بێتەوەو بیناسێت.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیدەکرا، واتەباسی عیشق و محەبەتی ئیلاهی و یەکێتی بوون و فەنا لەگوتەی سۆفیەکانی ئەم سەردە مەدا بەدەگمەنیش بەدیناکرێت، ئەگەریش باسکرابێت بێگومان بەو مانایەنییەکەلەسەدەکانی دواتردا دە بینرێت)(فروهر، 1386، ص170) هەرچەندەبابەتی عەشقی ئیلاهی هەر لەم قۆناغەدا سەرهەڵداو بنە مای بۆ دانرا لەلایەن رابیعەی عەدەوی کە سۆفیەکی دیاری ئەم قۆناغەیەو((ئەم ئافرەتەرۆڵێکی بێ وێنە ی هەبوو لەوەرچەرخانی بیری سۆفیگەری.چونکەلەناو موسڵمانااندا زوهدو ترس لەخودا سەرچاوەی سە رەکی سۆفیگەری بوون. بابەتی عەشقی ئیلاهی شتێکی دیکەبوو کەڕابیعەخستیەسەر سۆفیگەری)) (نژاد، ص96-97) ئیتر لەژێر کاریگەری ئەم گوتەیەی رابیعەدا وەرزش و کرداری قورس لەڕووی بایەخە وەبەپلەدوو دێت لەبواری سوفیگەری. لەهەمان کاتیشدا سەرهەڵدانی ئەم چەمکەزەمینەخۆشکەربوو بۆ سەرهەڵدانی هەندێك چەمکی دیکەی سۆفیگەری لەقۆناغەکانی دواتردا. ئەم چەمکەکاری لەبابەتەشە رعیەکانیش کرد، و تا ئەو ڕادەیەی کە(( ڕوح و ناوەڕۆکی ئەحکامی شەریعەت لەڕوخسارو شێوەکەی گرنگتربێت.))(فروهر، 1386، ص170) بۆنموونەخەڵکی یەکتریان هاندەدا کەلەبڕی چوونەحەج و عەمرە یارمەتی هەژارەکان و خاوەن پێداویستیەکان بدرێت.

**دووەم: قۆناغی گەشەو پێگەیشتنی سۆفیگەری یاخود(سۆفیگەری عاشقانە)**

ئەم قۆناغەلەسەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچی دەست پێ دەکات تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی. سۆفیگەری لەم قۆناغەدا پێی نایەقۆناغێکی نوێوەکەسەرەتای پێگەیشتنی سۆفیگەری بوو. بێگومان ئەم سەرەتایەبەردەوامی ئەو بنەمایەبوو کەرابیعەی عەدەوی داینا. بەڵام لەو چوارچێوەیە دا نەمایەوەو چەندین چەمك و زاراوەدەرکەوتن و زیادکران بۆسەر خەرمانی سۆفیگەری .

**تایبەت مەندییەکانی ئەم قۆناغە ی سۆفیگەری:**

1- زاڵبوونی لایەنی تیۆری(نەزەری) سۆفیگەری بەسەر لایەنی پراکتیکی(عەمەلی) دا:

لەم قۆناغەدا زیاتر بایەخ بەبیرکردنەوەدەدرێت تاوەکو لایەنی وەرزشی جەستەیی و گیانی سە خت کەسۆفیەسەرەتاییەکان پەیڕەویان دەکرد. واتەسۆفیەکانی ئەم سەردەمە( مەقام و کاری وەکو

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زوهدو خواپەرستی سەخت و تەرکی دونیا بەهۆکارێك دادەنێن بۆ پاکبوونەوەنەوەك ئامانج و گەیشتن بەمەبەست) (فروهر، 1386، ص180-181) چونکەئەمان بیرکردنەوەیان بەهۆکارو بنەمای گەیشتنە ئامانج و مەبەست دادەنا. بەمەش لایەنی تیۆری سۆفیگەری زاڵبوو بەسەر لایەنی کارەکی.

سۆفیەکانی سەدەی سێیەم پێیان وابوو(هەروەك چۆن تیشکی هەتاو بەر زەوی دەکەوێت و بە هۆیەوەشتەکانی سەر زەوی بەئاسانی دەبینرێن، بەهەمان شێوەبەهۆی عەقڵێشەوەمەعقولات و زانیاری لەدڵدا ڕوناك دەبێت)(کاشانی، 1367، ص103) واتەئەگەر لەسەدەی دووەمدا دڵ شوێنی سەرچاوەو شوێنی یادی خوداو سۆفیگەری بووبێت، ئەوا لەم قۆناغەدا عەقڵ دەبێتەمەڵبەندی سۆفیگەری. بەمەش کۆمەڵێك چەمك و زاراوەی فەلسەفی تێکەڵ بەسۆفیگەری بوون کەئەم کارەلەلایەن کەسانی شارەزا لە بواری فەلسەفەو سۆفیگەریکرا. بۆ نموونەذو النون المصری(وفات 245-246) کە((وێڕای شارەزایی لە زانستی فیقهو سۆفیگەری لەڕیزی حەکیمەکانیش هەژمار دەکرێت، ئەو لەیەکەمین ئەو کەسانەیەکەڕۆڵی هەبووەلەتێکەڵکردنی سۆفیگەری لەگەڵ فەلسەفەی ئیشراقی و نەو ئەفلوتینی)) (یوسف پور، ص34)بێگومان ئەو بیرۆکەو چەمکەنوێیانەی کەدەهاتنەناو سۆفیگەرییەوەهەروا بەرێکەوت و سە رپێیانەنەبوو، بەڵکو بەهۆی نزیکی و ڕێککەوتنی فکری نێوان سۆفیگەری و ئەو فەلسەفەو تیۆرانەوەبوو.

## 2- سەرهەڵدانی تاخم و گروپی سۆفیگەری جیاواز:

دروست بوونی گروپ و تاخمی نوێ واتەهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆفیگەری. چونکەلەم قۆناغە دا سۆفیگەری ڕویکردەوەرگرتنی زانست و فەلسەفەجیاوازەکانی جگەلەقوئان و فەرموودەو گەورەڕابە رنی سۆفیگەری، ئەمەش بەمەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوەی نەیارانی سۆفیگەری و بڵاوبوونەوەی ڕاو بۆچوون و نەریتی تایبەت بەخۆیان زانینی هەموو زانستەکانیان بەپێویست زانیوە.(سجادی، ص56) بۆ ئەم مەبەستەش سوودیان لەکتێبەوەرگێڕدراوەکان وەرگرتووە، چونکە((کتێبی یۆنانی و سریانی و پە هلەوی، بەتایبەت بەرهەمی یۆنانییەکان کەلەسەدەی دووەمی کۆچی، واتەسەردەمی هارون ڕەشید وە رگێڕدرانەسەر زمانی عەرەبی و ئەم وەرگێڕانەلەسەدەی سێیەمدا گەیشتەلوتکە)) (صفا، 1329-1331، ص56)

مجلة قەڵای زانست العلمیة
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهۆی گواستنەوەی زانیاریەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی و گەلاڵەبونیان لەبیرو زەینی ڕۆشنبیرانی تەریقەت و شەریعەت، بوەهۆی لەدایك بوونی چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی سۆفیگەری و فیقهو شەریعەت لەو سەردەمەدا. بەمەش نووسین و لێکۆڵینەوەسۆفیگەری و عیرفانییەکان بابەت و زانیاری ئایین و کلتوری نەتەوەکانی دیکەیان تێکەڵ بوو، هەروەها بووەهۆی لەدایك بوونی زاراوەی سۆفیگەری نوێی وەکو(یەکێتی بوون و یەکبوون و توانەوە....هتد) کەدواتر ئەم زاراوانەگۆمی پیاوانی شەریعەتی شڵەقاند و دەنگی نارەزایی بەرزکردنەوە، بەتایبەت لەبارەی بابەتی(فنا فی اللهو بقا فی الله) (صفا، 1329-1331، ص57).

بابەتی یەکێتی بوون لەسنووری زاراوەدا نەمایەوەو هەر زوو تەشەنەی کردو بوو بەتیۆرێکی تایبەت. ئەمەش جیاوازی لەنێوان سۆفییەکان دروست کرد، چونکەکۆمەڵێکیان بڕوایان بەو تیۆرەهەبوو و ئامانجی ، واتەئامانجییان پەیوەندی بەخودا تەنها مەبەست و ئامانجی لەبەرچاو بگرن (فروهر، ص181) دیارەئەمەش بەو مانایەنییەکە((سۆفی و سۆفیگەری سەدەی دووەم بەتەواوی فەرامۆش کراوەو یاخود لەناوچووە، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیەلەوکاتەدا کۆمەڵێك بەوپەڕی گەرم و گوڕی و زەوق و سەلیقەوەپەیرەی سۆفیگەری ئەو سەردەمەیان دەکردو گروپێکیش لەڕووی سەیرو سلوك وچۆنیەتی بیرکردنەوەو گوتەو ڕەفتارەوەهاوشێوەی سۆفیەکانی سەدەی دووەم بوون))(صفا، 1332، ص58-59) ڕاستەسۆفی و سۆفیگەری سەدەی دووەم بەدوور بوون لەبابەتەفەلسەفیەکانی وەکو یەکێتی بوون، بەلام ئەمەش ئەوەناگەیێنێت کە زانیاریان لەبارەوەنەبووە، بەڵکو نەیانویستوەلەمپەر بخەنەسەر ڕێچکەی سۆفیگەری زاهیدانەکەیان. (ماکدونالد)ی ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ کەجێی پەنجەی لەم بوارەدا دیارەو زور بایەخی بەم بوارەداوە، لەم بارەیەوەوتوویەتی:((هەموو بیرمەندەموسڵمانەکان باوەڕیان بەیەکێتی بوون هەبووە، بەڵام هەندێك لەوان خویان هەڵوەستەیان لەسەر نەکردووە.)) (فروهر،ص188) چونکەئە وجۆرەسۆفیگەریە بەلایانەوەجوانترین جۆری سۆفیگەری بووە، کەهەڵقوڵاوی ئاینی ئیسلامەو بەڕوحی ئەو ئاینەیان لەقەڵەم داوە.

هەروەك چۆن شاری بەغداد بنکەی سەرەکی سەرهەڵدانی سۆفیگەری ئیسلامی بوو، چونکە ((جوانترین سۆفیگەری کەلەگەڵ ڕوحی ئیسلامدا گونجاوە، ئەم سەرەتایەلەبەغدادەوەسەریهەڵداوەو پاشان گوازراوەتەوەبۆ خوراسان))(حەمەغەریب، 2018، لا100) بەهەمان شێوەش بنکەی گۆڕان و وە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

رچەرخانەکانی سۆفیگەری سەدەی سێیەم بوو، چونکەلەلایەکەوەکۆبونەوەی ئەو ڕێژەزۆرەیەی زانایان و قوتابیانی فیقهو شەریعەت کەلەقوتابخانەو پەیمانگا کانی ئەو شارەدا خەریکی فێرکردن و خوێندن بوون، لەلایە کی تریشەوەمەڵبەندی سۆفیگەریش بوو، بۆیەئەم شارەبوەسەنتەری گفتوگۆی نێوان ئەم دوو بەرەیەو هەرئەم هۆکارەش کاری کردەسەر ژینگەی ڕۆشنکری و فیکری بەغداد و ئاشنای فەلسەفەی یۆنانی و نەو ئەفلوتینی کردن و سۆفیگەریشی لەزوهدەوەبەرەو عیشق و مەعریفەبرد. ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ پەل و پۆ لێ بوونەوەی سۆفیگەری و (دروست بوونی گروپ و تاخمی جیاواز کەهەریە کەیان پیرو ڕابەرێك بەڕێوەی دەبردن، تا ئەوکاتەی شێخ و ڕابەرەکان بەتەواوەتی بەسەر موریدەکاندا زاڵبوون و کاروکردەوەکانیان دەخستنەژێر چاودێریەوەو موریدەکانیان ناچاردەکرد کەلەفەرمانی مورشیدیان دەرنەچن و پەیڕەوی یاساو نەریتەکانیان بکەن. دەرەنجامی ئەمەش دروستبوونی تەکیەو خانەقاکان بوو، کەببوەمەڵبەندی پەروەردەو فێرکردنی موریدەکان، هەرچەندەمەبەستی هەموو ڕابەرە کان یەك بوو- نزیك بوونەوەو گەیشتن بەخودا(غنی، 1340، ص58) بەڵام هەریەکەیان ئەو ڕێگەیەی پە یڕەو کردووەکەبەلایەوەنزیکترین ڕێگەبووەبۆ گەیشتنەئامانج) (غنی، 1340، ص58) دەرەنجامی ئەم ڕووداوانەش سەرهەڵدانی هەندێك تەریقەتی وەکو: محاسبیە(پەیڕەوکارانی حارث بن اسد محاسبی)، طیفوریە(پەیڕەوکارانی بسطامی)، قصاریە(پەیڕەوکارانی حەمدون قصار)، سهلیە(پەیڕەوکارانی سهل بن عبدلله)، جونەیدیە(پەیڕەوکارانی جونیدی بەغدادی) لێکەوتەوە. (کاضم پور، نقد صوفی، ص35)

جیاوازیەکان تەنها لەسنووری تەریقەتەکاندا نەمانەوە، بەڵکو تا دەهات زۆرترو زەقتر دەبوون. تا گەیشتەڕادەی دروستبوونی قوتابخانەی جیاوازی سۆفیگەری و دروستبوونی ناکۆکی نێوانیان. لەم قۆناغەدا تەنانەت جیاوازی لەنێوان سۆفیگەری ناوچەج یاوازەکانیش پەیدا بوو((بەتایبەت لەنێوان خە ڵکی عێراق وخەڵکی خوراسان. بەمەش سۆفیگەری دابەشی سەر دوو قوتابخانەی عێراقی و خوراسانی بوو، کەدواتریش سۆفیەعێراقیەکان ڕووبەڕووی سۆفیەخوراسانییەکان بوونەوەکەپێیان دەوتن مەلامە تییەکان))(گولپینارلی، ص241-242) ئەم ناکوکی و ڕووبەڕووبونەوەیەبەپێی تێپەڕبوونی کات زیاتر دە بوو تاوایلێهات لەقۆناغەکانی دواتردا یەکتریان ڕەد دەکردەوە.

### 3- تۆخبوونی ناکۆکی نێوان پیاوانی تەریقەت و شەریعەت:

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەدەی سێیەمی کۆچی دوای (فەتحی ئیسلامی) واتەکەئاینی ئیسلام تێکەڵ بەشارستانیە تەجیاوازەکان بوون بوو، ئیتر((قۆناغی نووسینەوەی شارستانییەتی ئیسلامی دەستی پێدەکات، ئالێرە دا فیقهی ئیسلامی دەردەکەوێت، هەر لێرەشدایەکەکەلامی ئیسلامی دەگاتەلوتکەی خۆی و سۆفیەگەورە کانیش دەردەکەون)) (حەمەغەریب، لا99) هەر لەم سەردەمەشدا چەندین کتێبی تایبەت بەبواری سۆفیگەریش دەرکەوتن، لەوانە: (رسالەقشیریه، مرصاد العباد، مصباح الهدایه، کشف محجوب، و بەرهە مەکانی غەزالی....) (مقدمەبر مبانی عرفان و تصوف، ص57)

لەدوای سەرهەڵدانی چەمك و زاراوەی فەلسەفی لەناو سۆفیگەری و جیابوونەوەی گروپ و قوتابخانەسۆفیگەرییەکان، لایەنگرانی شەریعەت بەبەردەوامی و بەتوندی هێرشیان دەکردەسەر سۆفی و سۆفیگەری. سۆفییەکانیش بۆ برگریکردن لەخۆیان پشتیان بەبەڵگەئایینییەکان دەبەست. ئەم ناکۆکیە ش بەردەوامی هەبوو تاگەیشتەسنوری تۆمەتبارکرنی ڕابەرانی سۆفیگەری بەلادان لەئاین و نەریتی ئیسلامی. ئەمەش نەك تەنیا بەڵکو جیهانی ئیسلامیشی دابەشی سەر دوو کەناڵ کرد:(( کانوونی خۆرهە ڵاتی ئیسلامی، واتەکەناڵی وڵاتەئیسلامییەعەرەبییەکان واتەشەریعەت تێدا سەنتەر بووە، پێچەوانەی کانوونی خۆرئاوای ئیسلامی کەلەکوردستانی خومانەوەدەست پێدەکات تاوەکو هیندستان، ئا لەم کانوونەدابابەتە ڕووحی و یرفانییەکان سەنتەر بووە، بۆیەدەبینرێت و ئەدەبیات و ئەزموونی ڕوحی زیاتر دەکەوێتەئەم کانوونە.)) (حەمەغەریب،لا103-104)

### 4- دەرکەوتنی سۆفییەناوەندییەکان:

لەسەرووبەندی ناکۆکی نێوان ئەهلی شەریعەت و تەریقەتداگروپێکی سۆفیگەری دامەزرا کە دانوویان لەگەڵ ئەهلی شەریعەتدا دەکوڵا. بۆیەئەهلی شەریعەت هەگیز خۆیان لەقەرەی ئەم گروپە سۆفیگەریەنەداوەو ناکۆکیان لەگەڵدا نەکردوون، بگرەلەوتارەکانیاندا پاڵپشتیشیان بۆ دربڕیون. ئە وانیش((سۆفیگەری(موعتەدیلەناوەندی)ی بەغدادیەکان کەجونەید بەغدادی ڕابەری دەکرد، بەدە ربڕینێکی تر پەیڕەوکاراران و هاوەڵانی صەحو هەرگیز نەبوونەجێی تەکفیری فیقەزانەکان، چونکەگەورە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ترین نەیارانی سۆفیگەری ئەوسەردەمەی وەكوابن جوزی و ابن تیمەسەبارەت بەڕەوشی پەیڕەوكارانی ئەم جۆرەسۆفیگەرییەهیچ بەربەستێكیان نەكردووەو ڕێزیان لێ گرتوون))(فروهر،ص187) ئەم گروپە سۆفیگەریەبەزۆری بەڵگەكانیان پشت ڕاست بوو بەقورئان و فەرمووده، هەروەها بۆچوونەسۆفیگەریە كانیان بەجۆرێك دەردەبڕی كەناڕەزایی لێ نەكەوێتەوە. بۆنموونەیەك لەبۆچوونەكانیان ئەوەبو(خودا لە گەڵ ئەوەیكەبەهۆی هەستی بینین و بەركەوتن ناتوانرێت هەستی پێ بكرێت، بەڵام بەسیفەت و ناوە كانی دەناسرێت، ناوی خودا نوورێكەكەبەهۆیەوەشتەكان دەبینێرێت، ناوی خودا وەكو ئاوێنەیەكەهەموو هێماكان ئاشكرا دەكات) (لاهوری، ص108- 109) بۆیەجۆرەڕێكەوتنێك بەدیدەكرێت لەنێوان تەریقەت و شەریعەتدا تاوەكو هەریەكەیان بەئاسانی بەردەوامی بەڕێڕەوی خۆی بدات.

### 3- قۆناغی سۆفیگەری تیۆری و ئەدەبی:

ئەم قۆناغەلەنیوەی دووەمی سەدەی چوارەمەوەدەست پێ دەكات تاوەكو كۆتایی سەدەی پێنجەمی كۆچی. بەقۆناغی جێگیری و چەسپاوی سۆفیگەری لەقەڵەم دەدرێت، هەرچەندە(دابەشی سە ر دوو قوتابخانە ببون كەهەریەكیان پەیڕەوی نەریتێكی دەكرد، گروپێكیان زیاتر پابەندی شەریعەت و بابەتەڕووكارییەكانی (لەیەنی كارەكی)سۆفیگەری بوون. كەچی لایەنەكەی دیكەزیاتر بایەخیان بەلایە نی شاراوەو ڕوحی سۆفیگەری دەداو لەمامەڵەكردن لەگەڵ لایەنەكارەكیەكانی سۆفیگەریدا كەمتەرخە میان دەنواند) (یوسف پور، نقد صوفی، ص73) كەبێگومان ئەمانەش پاشماوەو بەردەوامی سۆفیگەری قۆناغی یەكەم و دووەمی سۆفیگەریە.

### تایبەت مەندییەكانی ئەم قۆناغە:

1- سەرهەڵدانی شیعری سۆفیگەری لەدیاررین تایبەتمەندییەكانی ئەم قۆناغەیە.واتەلەكۆتاییەكانی سەدەی چوارەمی كۆچی شیعری سۆفیگەری سەریهەڵداو لەسەدەی پێنجەمیشدا بەتەواوی پەرە ی سەندو بڵاوبووەوە. بەجۆرێك كە(( زۆربەی شاعیران ووردەووردەلەوەسفی خەت و خاڵ و

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جوانیی و وێنەی دیمەنی سروشت و مەدحی پاشاو میرەکان دوورکەوتنەوەو روویانکردە باسکردنی حەقیقەت و عەشقی ڕاستەقینە)) (سجادی،1392،ص73) کەئەمەش ڕەوتی شیعری گۆڕی.

2- بەرفراوان بوونی سنوور و زۆر بوونی ژمارەی لایەنگرانی سۆفیگەری تایبەت مەندییەکی دیکەی ئەم قۆناغەیە. خەڵکی خاوەن سەلیقەو جوانی بایەخیان بەسۆفیگەری دەدا، بەڕادەیەك پاشاو میرکانیش نەك هەر ئاشنای ئەم بوارەبوون و ڕویان کردەحەقیقەت و مەعریفەتی عەشقی ڕاستە قینە، بەڵکو(( سەردانی سۆفییەناودارەکانیان کردووەو داوای بەرەکەتیان لێکردوون. بۆ نموونە سوڵتان محمود چووەخانەقای شیخ ابو حسن خەرقانی و تورغولی سەلجووقی چووەسەردانی باباتاهیر)) (سجادی،1392،ص83)نەك هەر ئەوەندەبەڵکو زۆرجار پرس و ڕاوێژ بەسۆفیەگەورە کان کراوەسەبارەت بەبابەتەگرنگ و چارەنووس سازەکانی دەسەڵات و دەوڵەت. واتەسۆفی و سۆفیگەری لەم قۆناغەدا بەگشتی بەچاوی ڕێزو بایەخەوەتەماشاکراوە و بەتایبەتیش لای دەسە ڵات.

دەکرێت ئەم شکۆداریەش بەشێکی زۆری بەهۆی هەوڵی چەند زاناو حەکیمێکی ئەو سەردەمە دا بوو بێت. بۆ نموونە( ابو علی سینا کە بنەمای سۆفیگەری و عیرفانی لەگەل حیکمەتدا لێکدا، هەروەها موازین ی شەرعی و فەرموودەی ئاینی بەهۆی کتێبەکەی ابو طالب مکی"قوت القلوب" و کتێبەکەی ابو فضل محمد"صفوەالصفوە"و کتێبەکەی غەزالی"احیا العلوم"....هتد)(سجادی، ص73) ئەم هەوڵانەبوونە هۆی بەرزبوونەوەی ویستی خەڵکی بۆسەر سۆفیگەری و بەمەش خەڵکی زیاتر ئاشنا بوون بەبنەماو ڕێ و ڕەوشی سۆفی و سۆفیگەری.

3- زۆربوونی ژمارەی تەکیەو خانەقاکان سیمایەکی دیکەی ئەم قۆناغەن کەبونەمەڵبەندی پەروەردە و فێرکردنی موریدەکان. بەمەش باسکردنی سۆفیگەری چووەناومەجلیس و سەر میمبەرەکان کە پێیان دەگوت (گوتاری مەجلیس) ((سجادی، ص83))

4- لەسەروبەندی زۆر بوونی گڕو تینی ئاگری ناکۆکی نێوان مەزهەبەئاینییەکان پرۆشکی ئەم بڵێسە یەسۆفیگەریشی گرتەوە. چونکە((شیعەو سوننی، ئەشعەری و موعتەزیلی و ئیسماعیلی لەلایەك و حەنەفی و شافیعی لەلایەکی دیکەبەربونەگیانی یەکتری)) (نقد صوفی، ص38) لەم نێوەندەدا هە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

رچەندەسۆفیکان خۆیان لەم چۆڕەپانەبەدوورگرت بەڵام دواتر خۆیان لەجەرگەی گۆڕەپانەکەدا دیتەوە. چونکە(سۆفیکانیش داکۆکیان لەسەر مەزهەبی خۆیان دەکردو پێداگریشیان دەکرد. بۆ نموونەغەزالی لەسەر شافیعی بوونی خۆی وخواجەعبداللەئەنصاری لەسەر حەنبەلی بوونی خۆی پێداگریان دەکردو چەندین بابەتیان لەم بارەیەوەهەژاندووە.) (زرین کوب، 1353، ص6) گرێ ئەم ناکۆکیەش لەناوچەیەکەوەبۆ ناوچەیەکی تر جیاوازبوو. چونکەلەهەندێك ناوچەی وەو نیشاپور ئە وەندەبەتین بوو کەبەئاشکرا دەبینرا، کەچی لەبەغدا ئەو گرو تینەی نەبوو.

5- لەم قۆناغەدابەهۆی باڵادەست بوونی تورکەسەلجوقییەکانەوەباس و گفتوگۆی فەلسەفی کاڵ بیووەوە کەلەسەدەی سێی کۆچی زۆر باو بوو. واتەئازادی باس و گفتوگۆکردن لەبارەی بابەتەفە لسەفیەجیاوازەکان تاڕادەیەکی زۆر لەناو چوو (بیهقی، 1356، ص221)

### 4-قۆناغی سۆفیگەری فەلسەفی-زانستی:

ئەم قۆناغەی سۆفیگەری لەنیوەی دووەمی سەدەی شەشەم دەست پێدەکات تاوەکو سەدەی یازدەهەم. کەلەزۆربەی سەرچاوەکاندا بەقۆناغی سەدەی حەوتەم بەدواوەئاماژەی بۆکراوە، چونکەخە سڵەت و سیماکانی ئەم چەند سەدەیەزۆر لەیەکتری نزیکن و بەردەوامی یەکترن.

ئەم قۆناغەبەقۆناغی سۆفیگەری فەلسەفی ناسراوە، بەهۆی بنیادنانی کۆشکی فەلسەفەی سۆفیگەری لەسەر ئەو بنەمایەی کەلەسەدەی سێیەمەوەبۆی بنیادنرابوو. لەلایەکی تریشەوە گۆڕانی دۆخی سیاسی و هێرشی مەغۆلەکان کاریگەریەکی زۆری کردەسەر ڕەوتی سۆفیگەری ئەم قۆناغە.

**تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە:**

1- دیارترین تایەت مەندی کەبەسیمای دیاری سەدەی حەوتەم لەقەڵەم دەدرێتپەرەسەندنی سۆفیگەری فەلسەفی-زانستی بوو. ئەم سۆفیگەرییەبنەماکەی لەسەدەی شەشەمەوەلەلایەن سوهرەوەردی دامەزرا بوو، کەسوهرەوەردیش( بنەمای فەلسەفەو حیکمەتی ئیشراقی لەگەڵ بەشێکی سەرچاوەی لەحیکمەتی خەسرەوان و بیروباوەڕی فەلسەفی پێش ئیسلام، لەگەڵ

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سۆفیگەریدا تێکەڵکرد) (کوبن، 1325، ص127) دواتریش لەسەدەی حەوتەمدا ئیبن عربی(وفات638ه.ق) بەردەوامی بەو ڕێچکەیەدا و ((عیرفان و حیکمەتی ئیشراقی لێکداو سۆفیگەری خستەسەر شێوازی زانستی و بەڵگەئامێز. کەواتە"محی الدین عربی" بونیادنە ریسۆفیگەری زانستی یە، کەهەندێك بەغەوثی گەورەو کۆمەڵێکیش بە(خاتم ولایەت) ناویان هێناوە)) (اشتیانی، 1344، ص5) بەمەش سۆفیگەری لەشێوەی سەیرو سلوك و وەرزشی گیانی و جەستەیی قورسەوە گۆڕاو بووبە((قوتابخانەی فەلسەفی و فیکری زانستی کەبە عیرفان ناودەبرا، ئەم عیرفانەش(یاخود سۆفیگەری زانستی و فەلسەفی) وەکوزانست و مەعریفە ئیلاهیەکانی دیکەلەقوتابخانەو بەشەزانستییەکاندا دەخوێنرا)) (تاریخ تصوف در اسلام، ص499)ئیتر ئەوجۆرەسۆفیگەری و عیرفانەتەشەنەی کردو بەوڵاتانی دیکەدا بڵاو بووەوە، واتەلەزۆربەی وڵاتاندا ناسرا. ئەمەش بەو مانایەنیەکەئیتر سۆفیگەری سەدەی دووەم بنبڕبووە و لەناوچووە، بەڵکو مەبەست ئەوەیەکەقوتابخانەسۆفیگەریەفەلسەفییەکان زاڵتر و پڕ ڕەواج تر بوون. هەرلەبەر ئەمەشەکەئەم قۆناغەبەسۆفیگەری فەلسەفی ناسراوە.

2- تایبەت مەندییەکی دیکەی ئەم قۆناغەپەرتەوازەبوونی سۆفیگەرییەبەهۆی کۆچی سۆفییە ناودارەکانەوە. چونکەلەناوەڕاستی سەدەی شەشەمدا کاتێك سوپای تەتەر هێرشیان کردەسەر بەغداو خوراسان و خوێنێکی زۆریان ڕشت و هەرچی کتێبی بەنرخی ئاینی و سۆفیگەری و لێکۆڵینەوەهەبوو سوتاندیان و فڕێیان دانەڕووبارەوە، هەروەها بەهۆی سیاسەتی ئاینی و هە تك کردنی موعتەزیلەو فەیلەسوفان ورافضیان و قرمطیان،و هەندێك لەسۆفییەکان. (صفا، 1363، ص68-71) ئەمەش وای لەگەورەسۆفییەکان کرد کۆچ بکەن و ناوچەکانی خۆیان بە جێ بهێڵن، چونکەلەلایەکەوەنەیاندەتوانی بەرگەی بینینی زوڵم وستەمی تەتەرەکان بەرامبەر بەخەڵك و گەورەپیاوانی ئەو سەردەمەبگرن و لەلایەکی دیکەش گومانی ئەوەدەکرا هەڵمەتەکە بەر سۆفییەکانیش بکەوێت، بۆیەکۆچیان دەکرد بەرەو ڵاتانی دەورو بەریان و لەوێ درێژەیان بەکارەکانیان دەداو پەیامی سۆفیگەریان دەگەیاندەخەڵکی ئەو ناوچانە. کەئەمەش هۆکارێك بوو بۆ تەشەنەکردنی سۆفیگەری. هەوەها بەهۆی ئەم دۆخەو لەم قۆناغەدا، بەتایبەت لەسەدە ی حەوت وهەشت چەندین سۆفی دەرکەوتن تەرکی دونیایان کرد.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- لەم سەردەمەدا شیعری سۆفیگەری و عیرفانی بەتەواوی پەرەی سەند.چونکەخودی سۆفی و عارفەکان بەشیعر گوزارشتیان لەدۆخ و حال و پیگەی سۆفیانەی خۆیان دەکرد. ئەمەش سە رنجی خەڵکی خاوەن سەلیقەو ڕوحی جوانی بۆخۆی ڕاکێشابوو، بەجۆرێك شیعری سۆفیگەری لەناو ئەدەبیاتدا باو بوو کەئەوشاعیرانەش کەنەسۆفی بوون و نەسەر بەڕێبازی سۆفیگەری بوون کەچی چەمك و زاراوەی سۆفیانەیان لەشیعرەکانیاندا بەکاردەهێنا. لەکۆی ئەو دەستە واژانەش(خەرابات، موغان، پیر، خەرقە، سۆفی، فقر، فەنا، ....هتد یاخود ناوی سۆفیەناودارە کانیان لەشیعرەکانیاندا تۆمارەکرد) (سجادی، ص103)

4- لەسەدەی شەشەمدا چەندین کتێب دژی سۆفیگەری نووسران لەلایەن نەیارانی سۆفیگەرییە وە، بەڵام لەسەدەی حەوتەمدا وڵامی زۆرێك لەو نووسینانەدراوەکەوەکو تۆمەتێك درابوونەپاڵ سۆفیگەری و پاڵپشتیش لەبیرۆکەنوێیەکانی سۆفیگەری کرا. بۆ نموونەخواجەنصیر طوسی(وفات 672ه.ق) کەپاڵپشتی و لایەنگری حەلاج و بسطامی کرد بەڕونکردنەوەی ئەو زاراوانە کردووەکە ئەو سۆفیانەی پێ تۆمەتبار کراون، لەم بارەیەوەوتویەتی:((زاناایانی ڕووکە ش بین لەگوتەی سۆفیەکان تێ نەگەیشتوون و وادەرکەوتوەکەیەکێتی بوون نییەلەگەڵ خودا، بەڵکو ئەوەیەبەندەهەموو بەئەو دەبینێت و دەڵێت هەموو شتێك لەئەوە، کەواتەهەموو یەکەو ئەوەیکەوتویەت(انا الحق)و ئەوەیکەوتویەتی(سبحانی اعضم شأنی) بانگێشەی یەکێتی بوون نییە، بەڵکو ڕوونکردنەوەی بوونی خودەو سەلماندنی جگەلەخودە)). (رضوی، 1334، ص52-54) بەهۆی هەوڵی ئەو نووسەرو زانایانەوەکەبەرگریان لەسۆفیگەری دەکرد و ڕوونکرنەوەو لێکدانەوەی دروستیان و بۆ ئەو چەمکو زاراوەسۆفیگەریەنوێیانەدەکرد کەسۆفی و سۆفیگە ریان پێ تۆمەتبار دەکرا. بەمەش گلۆڵی سۆفیگەری تاڕادەیەك لەلێژی دەربازی دەبێت.

5- لەم قۆناغەدا جیاوازی و ناکۆکی نێوان سۆفیگەری شیعەو سوننی زۆر بەڕوونی بەدیدەکرێت بەتایبەت(( شیعەدوازدەئیمامیەکان و هەندێك لەسوننەکان، ململانێ گەیشتەئەو ڕادەیەکەلە وەڵامی یەکتریدا کتێب و نامیلکەیان دەنووسی و لە کۆڕو مەجلیسەکانیاندا دەیانخوێندەوە ))(سجادی، ص104) لەوەبەدواوەئەم ناکۆکیەبەدرێژایی مێژووی سۆفیگەری بەردەوامی هەیە .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6- ناكۆكی نێوان بەرەی شەریعەت و بەرەی تریقەت لەم قۆناغەشدا بەردەوامەبەڵام بەتایبەت مەندی و جیاوازی دیاریكراو. چونكەلەم قۆناغەدا هەردوو بەرەپێگەو ئاستی زانستی بەرزدا بوون، بۆیەدەبینرێت هەر سەردەمەو دەسڵاتی لایەنێك بەسەر ئەویتردا ڕەوا دەبێت. بۆنموونەلەسەرەتاكانی ئەم قۆناغەدا بەهۆی بەردەوامی ئەو قوتابخانەئایینیانەی كەلەسەدەی پێنجەم لەلایەن -نضام الملك- وەلەزۆربەی شارەكانی وەكو بەغداو بەصرە، موسڵ، بلخ، ئەسفەهان،نیشاپور.....هتد دروستكرابوو، تێدا بایەخ دەدرا بەخوێندن و فێركردنی زانستی شەریعەت، بەمەش زانستەكانی دیكەبەتایبەت زانستەعەقلییەكان تاڕادەیەك بێ بەها ببون.(صفا، 1363، 234-241) بەڵام بەهۆی دەسەڵات و سەرنجی سەلجوقیەكان بۆ سۆفیگەری، سۆفیگەری دەستیكردبەتەشەنەكردن و پەلهاویشتن و گروپەكانی سۆفیگەریش تا دەهات ڕوو لەزیاد بوون بوون. تاوەكو ( سەدەی نۆیەم شەریعەت و تەریقەت لێك نزیك بوونەوەو تاڕادەیەكی زۆریش تێكەڵ بەیەكتری بوون، بەم شێوەیەشێخ و ڕابەرانی سۆفیگەری ببون بەبڕیاردەری شەرعیش) (تاریخ ادبیات در ایران، ص66-67) ئەم دۆخی ئاشتەواییەش بەدرێژایی سەدەی نۆیەم بەردەوام بوو تاوەكو( لەسەدەی دەیەمدا بەهۆی ڕەفتاری هەندێك بەڕواڵەت سۆفی و دووركەوتنەوەی هەندێك دەروێش لەنەریت و ڕێسای سۆفیگەری و پشت گوێ خستنی حوكمەشەرعییەكان، بەمەش بیروبوەڕی خەڵك بۆسۆفی و سۆفیگەری ڕووی لەكەمی كردو زیاتر ڕوویان لە زانایانی ئاینی و شەریعەت كرد.) (سجادی، 164) ئەمەش بووەهۆی ئەوەیكەدیسانەوەبەرەی شەریعەت بەتوندی ڕووبەڕووی سۆفیگەری بینەوەو بەردەوام بن لەهێرشكردنەسەر سۆفیكان. ئەم دۆخەش بەردەوام بوو تا سەدەی یازدەهەم بەڕادەیەك بەهۆی فەتوای هەندێك لەزانایانی شەریعەتەوەژمارەیەك لەسۆفییەكان كوژران. (تاریخ ادبیات در ایران، ص201-205)

**ئەنجامەكان:**

1- سۆفیگەری تایبەت نییەبەئایین و مەزهەبێكی تایبەت، بەڵكو بنەمای لەزۆربەی ئایین و ئاینزاكاندا بەدیدەكرێت. چونكەزوهد سەرچاوەی سۆفیگەریەو لەزۆربەی ئایینەكانیشدا بوونی هەیە.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- لێکچوون و هاوبەشی هەندێك بیرۆکەو نەریتی سۆفیگەری لەنێوان ئایین و ئایین زاکان بەڵگەی ئەوەنیەکە سۆفیگەری تەنها یەك سەرچاوەی هەیەو لەیەکتریان وەرگرتووە، بەڵکو سۆفیگەری دڵی ئایین و ئایینزاکانە.

3- ڕاستەسۆفیگەری ئیسلامی وەکو چەمك و زاراوەلەسەدەی دووەمی کۆچی سەری هەڵدا بەڵام لەسەدەی یەکەمیشدا چەندین سۆفی هەیەکەلەژێر ناوی سۆفی نەبوونز وەکو حسن بەسری. بگرەلەسەردەمی پێغەمبەرشدا هەبوون و خودی پێغەمبەریشمان ژیانێکی سۆفیانەژیاوەو هاوەڵانیشی چاویان لێ کردووە.

4- زوهد سەرچاوەی سۆفیگەری ئیسلامیە، بۆیەقۆناغی یەکەمی سۆفیگەری دەکرێت بەسۆفیگەری زاهیدانەناو ببرێت. چونکەسۆفیەکانی سەدەی دووەم پەیڕەوی زوهدیان دەکرد لەئەنجامدانی وەرزشی گیانی و جەستەیی قورس و دوورکەوتنەوەلەدونیاو بەکەمزانینی.....

5- رابیعەی عەدەوی بەوەرچەرخێنەری سۆفیگەری دادەنرێت. چونکە لەکۆتاییەکانی سەدەی دووەمی کۆچیدا ڕەوتی سۆفیگەری لەزاهیدانەوەگۆڕی بۆ عاشقانە.

6- بەهۆی ئاشنا بوونی شارستانیەتی ئیسلامی لەگەڵ شارستانیەتەکانی دیکەوە، جا چی لەڕێگەی فەتحی ئیسلامیەوەبێت یاخوود لەڕێگەی وەرگێڕانەوەبێت،لەسەدەی سێی کۆچی پێی نایە قۆناغێکی نوێ، کەسۆفیگەری فەلسەفی بوو.

7- بەهۆی کاریگەری فەلسەفەی ئیشراقی و نەو ئەفلوتینیەوەژمارەیەك چەمك و زاراوەی فەلسەفی خزانەناو سۆفیگەری ئیسلامیەوەکەناکۆکی خستەنێوان بەرەی شەریعەت و سۆفیگەری. ئەم ناکۆکیەش بەدرێژایی مێژووی سۆفیگەری بەردەوامە بوو، تەنانەت مەرگی چەند سۆفیەکی ناوداری وەکو غەزالی و بەستامیشی لێکەوتەوە.

8- شیعری سۆفیگەری لەکۆتاییەکانی سەدەی چوارەم سەریهەڵدا و لەسەدەی پێنجەمدا گەشەی کردو پەرەی سەند لەسەردەستی سۆفیەناودارەکان کەدەستیان دایەقەڵەم و بەشیعر گوزارشتیانەحاڵ و پێگەی خۆیان دەکرد. ئەمەش ڕەوتی شیعری گۆڕی، بەجۆرێك لەسەدەی حەوتەمدا ئەو شاعیرانەش کەسۆفی نەبوون زاراوەی سۆفیانەیان لەشیعرەکانیاندا بەکاردەهێنا.

9- بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەوتی سۆفیگەری هەبووە، واتەکاتێك دەسەڵاتی سیاسی پاڵپشتی سۆفی و سۆفیگەری کردبێت ئەوا سۆفیگەریش زۆر بە

خێرایی گەشەی کردووەو بڵاو بووەتەوە. بەپێچەوەوانەشەوەهەرکات دەسەڵات لایەنگری بەرە ی شەهریعەتی کردبێت ئەوا سۆفیگەری کز بووە.

**سەرچاوەکان:**

## سەرچاوە کوردییەکان


1. تەحسین حەمەغەریب (2018)، لەهەموو دینەکاندا کەتەسەوف......، گۆڤاری خاڵ، ژمارە16ی نیسانی.
2. د. ابراهیم احمد شوان (2014)، سۆفیگەری(شیعری ئاینی و سۆفیگەری لەشیعرەکوردییەکانی مەحویدا)، لەبڵاوکراوەکانی کۆمپانیای ڕستەبۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، چاپی دووەم.
3. مەلا محمدی شەڵماس (1991)، مەجلیسی ئەولیا، بەرگی1-2، سنندج.
4. محەمەد وەسمان، فەلسەفەی سۆفیگەری لای (ئیمامی غەزالی، بن عەرەبی، مەولانای ڕۆمی)، چاپی دووەم، ناوەندی ئاودێر، هەولێر، 2014


## سەرچاوە فارسییەکان


5. ابو الفضل محمد بن حسين بيهقى (1356)، تاريخ بيهقى، تصحيح دكتر على اكبر فياض، مشهد- دانشگاه فردوسى.
6. نگارش ابو على عثمانى (1345)، ترجمەريسالەقشيريە،تصحيح بديع الزمان فروزانفر، انتشارات بنگاه ترجمەو نشر كتاب.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7. جلال الدين اشتيانى (1344)، شرح مقدمهقيصرى بر فصوص الحكم، انتشارات كتابفروشى باستان مشهد.
8. خليل الحبر الفاخورى، تاريخ فلسفهدر جهان اسلامى، ترجمهعبد المحمد ايتى، چاپ 3، اموزش انقلاب اسلامى.
9. د. زين الدين كيانى نژاد (1366)، سير عرفان در اسلام، تهران، كتاب فروشى اشرف.
10. د. سيد ضياءالدين سجادى (1392)، مقدمەى بر مبانى عرفان و تصوف، تهران، سمث، چاپ هجدهم.
11. د. محمد كاضم يوسف پور (1395)، نقد صوفى، چاپ دوم، تهران، روز نه.
12. د. نصرت اللهفروهر (1386)، كارنامهتصوف، تهران، نشر افكار.
13. ذبيح اللهصفا (1329)، تاريخ علوم عقلى در تمدن اسلامى، چ1، انتشارات دانشگاه تهران
14. شهاب الدين ابو حفص سهروردى، حاشيەاحيا علوم،ج1، ترجمهعبدالمؤمن اصفهانى، به كوشش قاسم انصارى، تهران، انتشارات علمى و فرهنگى.
15. ذبيح اللهصفا)، تاريخ ادبيات در ايران، انتشارات ابن سينا، چ1، 1332
16. دكتر ذبيح اللهصفا، تاريخ ادبيات در ايران، ج2، تهران، فردوس.
17. عبدالرحمن جامى (1366)، نفخات الانس، تصحيح مهدى توحيدى پور، تهران، انتشارات كتابفروشى محمودى.
18. عبدالباقى گولپينارلى، مەولانا جلال الدين زندگى،فلسفه، گزيدەى از انها.
19. عبد الحسين زرين كوب (1353)، زندگى و انديشەى غزالى، انتشارات انجمن اپار ملى.
20. عزدين محمود بن على كاشانى (1367)، مصباح الهدايهو مفتاح الكفايه، بەكوشش جلال الدين همايى، چ3، نشر هما.
21. فتح اللهخليف (1975)، محاضرات فلسفهالاسلاميه، بيروت، مكتب كريديه.
22. قاسم غنى (1340)، بحث در اثارو احوال و افكار حافض، انتشارات زوار.
23. محمد اقبال لاهورى، سير فلسفهدر ايران، ترجمەاريان پور، ج1، انتشارات بامداد
24. محمد تقى مدرس رضوى (1334)، اصول و اثار خواجەنصير طوسى، انتشارات دانشگاه تهران.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

25. هانرى كوبن (1325)، روابط حكمت اشراق و فلسفه‌ايران، ترجمه‌نصطفى مقربى، نشريه انجمن ايران شناسى

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

26. NURBAKHSH, Sufism Meaning Knowledge,and Unity(New york: khaniqahi-Nimatulahi publications, 1981,P.16

**ملخص**

التصوف موضوع روحي حي، حيث شغل بنفسه معظم الاديان و المدارس الفلسفية. ان هدف التصوف هو تزكية الروح من العيوب و تحريره من قفص الجسد. وقد اهتم الاسلام بهذا الموضوع اهتماما واضحا، لذلک أثرت الميراث التصوفي تأثيرا بالغا في أدبيات و قواميس الشعوب المسلمة.

تناول هذا البحث مراحل نشوء و تنمية و تطور التصوف الاسلامي. ولهذا الغرض تم تقسيم تاريخ التصوف الى عدة مراحل منها: (مرحلة التصوف الزهدي، مرحلة التصوف العشقي، مرحلة التصوف الفلسفي، مرحلة التصوف الأدبي). وفي ظلال هذا التقسيم تم شرح أهم الخصال لكل مرحلة.

**Abstract**

Sufism is a living spiritual theme, where it occupied most religions and schools by itself. The goal of Sufism is to purify the soul of the defects and release it from the cage of the body. Islam has taken a keen interest in this subject, so the mystical heritage has had a profound impact on the literature and the dictionaries of Muslim nations.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

This research deals with the stages of emergence, development and growth of Islamic Sufism. For this purpose, the history of Sufism has been divided into severalstages, including: (the Ascetic Sufism stage, the stage of mysticism ashki, the philosophical mysticism stage, the stage of literary mysticism). In the shadow of this division, the most important characteristics of each stage were explained.